ئەدەب و کولتوور
ڕووداو

ژمارەی داهاتوو:
» چەمکی ئایدیۆلۆژیا لای باختین
» ئێکسپرێشینزم لە هونەری شێوەکاریی و میوزیکدا

ژمارە (12) دووشەممە 2017/3/27 email: bijar.hekim@rudaw.net www.rudaw.net

### ئەمڕۆ ڕۆژی جیهانیی شانۆیە

# پەیامی جیهانیی شانۆ لە پاریس دەخوێندرێتەوە



■ ئا: ئەدەب و کولتوور

لە ساڵی 1961ـەوە و بە دەستپێشخەریی پەیمانگای نێودەوڵەتیی شانۆ، ڕۆژی 27ـی ئاداری هەموو ساڵێک کراوەتە ڕۆژی جیهانیی شانۆ. ساڵانە لەم ڕۆژەدا چەندین چالاکیی پەیوەست بە بواری شانۆ لەسەر ئاستی جیهان بەڕێوەدەچن. هاوکات هەر ساڵ یەکێک لە کەسایەتی و هونەرمەندە بەناوبانگەکانی شانۆ گوتار و پەیمانی یادکردنەوەکانی ئەو ساڵە دەخوێنێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی پەیامی ئەم ڕۆژە کە لەلایەن پەیمانگای شانۆیی جیهانییەوە ڕێکدەخرێت، لە چوارچێوەی دروشمی شانۆ و کولتووری ئاشتیدا دەبێت.

پێگەی هەواڵی شانۆی پەیمانگای نێودەوڵەتیی شانۆ ITI ، بڵاوی کردووەتەوە کە ئیزابێل هۆپێرت، پەیامی ڕۆژی جیهانیی شانۆ بۆ ساڵی 2017 دەخوێنێتەوە. ئیزابێل هۆپێرت، ئەکتەری بەناوبانگی فەرەنسی و نووسەری پەیامی ڕۆژی جیهانیی شانۆ بۆ ساڵی 2017 ئەمڕۆ دووشەممە دەقی پەیامەکەی لە تەلاری یونسکۆ لە پاریس دەخوێنێتەوە.

پەیامی ساڵانەی ڕۆژی جیهانیی شانۆ کە هەموو ساڵێک لەلایەن شانۆکارێکی خاوەن ئەزموونەوە دەنووسرێت، بۆ ئەمساڵیش لە ئەستۆی ئیزابێل هۆپێرتی ئەکتەری دیار و ناسراوی فەرەنسایە کە وەک نەریتێکی ساڵانە، لە تەلاری سەرەکی یونسکۆ لە پاریس، پەیامەکەی دەخوێنێتەوە.

ساڵی پار، ئاناتولی ڤاسیلیۆی دەرهێنەری ڕووسی و بنیاتنەری قوتابخانەی هونەرە درامیەکانی مۆسکۆ، ئەم پەیامەی نووسی. پێشووتریش کۆمەڵێک هونەرمەندی وەک ئێدوارد ئالبی، ئاگۆستۆ بوال، ژان کووکتو، ئارتور میلەر، پابلۆ نێرۆدا، داریۆ فۆ و جێسیکا کاوا پەیامی ڕۆژی جیهانیی شانۆیان نووسیوە.

ئیزابێل هۆپێرت کە 15 جار زیاتر بۆ خەڵاتی سێزار (ناسراو بە ئۆسکاری فەرەنسا) کاندید کراوە، تا ئێستا چەندین خەڵاتی جیاوازی بوارەکەی بەدەستهێناوە، لەوانەش ورچی زیوینی باشترین ئەکتەری ژنی فێستیڤاڵی بەرلین، لە فێستیڤاڵە سینەماییەکانی ئەورووپادا خاوەنی دوو خەڵاتی باشترین خانمە ئەکتەرە، سێ خەڵاتی باشترین خانمە ئەکتەری لە لومێری فەرەنسا، شێری ئاڵتونی و دوو خەڵاتی باشترین خانمە ئەکتەری فێستیڤاڵی ڤینیسیا، دوو خەڵاتی باشترین خانمە ئەکتەری فێستیڤاڵی کانی بەدەستهێناوە و لە ساڵی 2008 دا مەدالیای " لیژیون دوونور" ی لە مل کرد کە لە فەرەنسا وەک خەڵاتێکی نەتەوەیی بە نیشانەی سوارچاکی ئەدەب و هونەر دادەنرێت .

لە 27ی ئاداری هەموو ساڵێکدا کە بەرۆژی جیهانیی شانۆ دانراوە، لەسەر ئاستی جیهان ناوەندە هونەرییەکان و شانۆکاران ڕۆژی شانۆ بە ئەنجامدانی چەندین کۆڕو سیمینار و توێژینەوە و شانۆگەری یاد دەکەنەوە و لە باشووری کوردستانیش بەبۆنەی ڕۆژی شانۆوە چەند چالاکییەک بەڕێوە دەچن.

---

# ڕۆمانێکی والت وێتمان دۆزرایەوە



■ ئا: ئەدەب و کولتوور

ڕۆمانێکی والت وێتمان، شاعیر و ڕۆماننووسی ئەمریکی، لە ئەرشیفی هەفتەنامەیەکدا دۆزرایەوە کە لە سەدەی حەڤدەهەم لە نیویۆرک چاپ و بڵاودەکرایەوە.

ئەم ڕۆمانە بە شێوەی زنجیرە بەبێ ناو، لە هەفتەنامەکەدا بڵاودەکرایەوە، ناوەڕۆکی هاوشێوەی نووسینێکی دەستنووسی ئەو شاعیرەیە کە بۆ پرۆژەی ڕۆمانێکی ئامادە کردبوو.

ڕۆمانە دۆزراوەکەی والت وێتمان ناوی "ژیان و سەرکێشییەکانی جاک ئانگل"ـەو لەلایەن گۆڤاری والت وێتمان بە خۆڕایی لەسەر ئینتەرنێت بڵاوکراوەتەوە.

ڕۆمانەکە لەلایەن زاکاری تربن لە زانکۆی هیوستن لە ئەرشیفی هەفتەنامەی "سەندی دیسباچ" دۆزراوەتەوە. ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە لە نیویۆرک ڕوودەدەن و بەشێوەی زنجیرە ئەڵقەیەک لە ساڵی 1852ـدا بڵاوکراوەتەوە کە هاوکاتە لەگەڵ نووسینی شیعری داستانیی " گەڵای گیا"ـی ئەو شاعیرە کە لە دوای سێ ساڵ بڵاوکرایەوە و ڕۆمانەکە لە 36 هەزار وشە پێکهاتووە.

واڵت وێتمان (Walt Whitman) شاعیری گەورە و ئازادیخوازی ئەمریکایی کە بە باوکی شیعری نوێی ئەمریکایی دەژمێردرێ، لە ساڵی 1819 لەدایک بووە. لە سەرەتای ژیانیدا لە چاپخانە کاری کردووە و هەر لە ئینجیل و شەکسپیر و هۆمیرۆسەوە تا شاعیرانی هیندستان و ئەڵمانیا و دانتێ و بێگومان ئەم خوێندنەوانەشی کاریگەرییان لەسەر دونیای شیعری هەبووە. هاوکات بە چالاکیی سیاسیشەوە خەریک بووە و لە بنیاتنەرانی دیموکراسیی ئەمریکایی بووە. ماوەیەک سەرنووسەری گۆڤاری «بڕۆکلین ئیگڵ»بووە کە ئۆرگانی پارتی دیموکرات بووە لە ئەمریکا. ویتمان باوەڕی بە ئازادیی تاکەکەس هەبووە و ئەو ئازادییەشی لە خۆشەویستیدا بینیوەتەوە. ئەو خۆشەویستی و دیموکراسیشی پێکەوە گرێداوە. واڵت وێتمان جگە لە دیوانە بەناوبانگەکەی: (پەلکەگیا)، کۆمەڵێک کتێبی تریشی نووسیوە و ساڵی 1892 لە شاری نیوجێرسی کۆچی دوایی کردووە.

---

# «جۆن لی کاری»
## ئەفسانەی سیخوڕەکان بڵاودەکاتەوە



### نووسەرەکە پێشتر لە دەزگای هەواڵگریی بەریتانیا کاری کردووە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

دوای 25 ساڵ دابڕان، جۆن لی کاری نووسەر و ڕۆماننووسی بەناوبانگی بەریتانی کە خاوەنی خوێنەرێکی زۆرە و ئەفسەرێکی خانەنشینی دەزگای هەواڵگریی بەریتانی بووە، ڕۆمانێکی نوێی بەناوی " ئەفسانەی سیخوڕەکان" ئامادە کردووە کە باس لە چیرۆکی سیخوڕەکان دەکات لە سەردەمی جەنگی سارد و ئێستا ڕۆمانەکەی ئامادەی چاپە.

جۆن لی کاری لە ڕۆمانەکانیدا کە سەرجەمیان چیرۆک و بەسەرهاتی سیخوڕەکانن، هەمیشە لەبری دەستەواژەی "هەواڵگری"، دەستەواژەی "سێرک"ی بەکارهێناوە. ڕۆمانەکانی هەمیشە پڕفرۆشترین بوونە لەنێو ڕۆمان و کتێبە بەریتانییەکاندا.

لە ڕۆمانەکانیدا باسی ئەزموون و بەسەرهاتەکانی خۆی دەکات لە پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی بیستەم ئەو دەمەی لەنێو دەزگای هەواڵگری کاری کردووە.

وەشانخانەی ڤایکینگ کە ڕۆمانە نوێیەکەی ئەم نووسەرە بەناوبانگە چاپ دەکات، بەکورتیش زانیاری لەبارەی ناوەڕۆکی ڕۆمانە نوێیەکە بڵاونەکردووەتەوە. هاوکات جۆنی گیلەر بەڕێوەبەری کارەکانی جۆن لی کاری ڕایگەیاند "ڕۆمانەکە لە ماوەی 12 مانگدا نووسراوەتەوە، بەڵام ڕەتیکردەوە بەشێوەیەکی تێروتەسەل باسی ناوەڕۆکەکەی بکات و تەنیا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەم ڕۆمانە نزیکییەکی زۆری هەیە لە چیرۆکی گەورە سیخوڕەکان جۆرج سمایلی کە لەساڵی 1961ـەوە دەستیپێکرد و کەمێک نزیکە لە تەواوکاریی چیرۆکی نێو یەکەم ڕۆمانی (بانگهێشتێک بۆ مردووەکان) کە تێیدا باس لە شێوازی سیخوڕیکردن دەکات لە دەزگای ئەوکاتی هەواڵگریی بەریتانیدا.

# ئێدنبره

## لەژێر پەنجە دروشاوەکانی

# دەیڤید هیوم- دا



■ خەندە حەمید

بۆ تێگەیشتن لە گرنگێتی و جوانیی شارێک، پێویستە لە چەند روانگەیەکەوە لێی بڕوانین. شار وەک چۆن پێویستی بە مێژوو هەیە بەهەمان شێوە پێویستی بە هونەر، تەلارسازی، فەلسەفە و هارمۆنی هەیە. لێرەدا ئەو پرسیارە خۆی قوت دەکاتەوە: بۆچی ئێدنبره هێندە شارێکی مێژوویی و جوانە؟ لەبەر ئەوەی هەریەک لەمانەی سەرەوە لە خاڵە زیندوو و جوانەکانی ئەم شارەن.

ئێمە لە فیلمی دڵە ئازاکە Braveheart ویست و پەیامی هاووڵاتیە سکۆتییەکانمان بەباشی دەبیست کاتێ کارەکتەری سەرەکی william wallace دەڵێ: لەوانەیە ئەوان ژیانی ئێمە بەرن، بەڵام هەرگیز ناتوانن ئازادیی ئێمە ببەن! کەوایە ئەگەر تۆ ئازادیت نەبوو هەموو شتێکی دیکە بێمانا دەردەکەوێ، سکۆتیەکان هیچ شتێکیان نەکردبێ ئەوەیان کردووە کە نەیانهێشتووە داگیرکەرەکەیان دەست بەسەر ئازادیی ئەواندا بگرێ.

ئێدنبره لە سەدەی پازدەیەمەوە پایتەختی سکۆتلەندە. سەرەڕای ئەوەی سکۆتلەندا بۆ ماوەیەکی درێژ لەلایەن ئینگلیزەکانەوە داگیرکراوە، بەڵام سکۆتلەندییەکان و خەڵکی ئەم شارە کولتوور و شارستانیەتی خۆیان پاراستووە. بە واتایەکی دیکە دەستیان بەوەوە گرتووە کە هەیانە، تەنانەت وینستۆن چەرچڵ سەبارەت بە ئەوان دەبێژێ: '' لە سەرجەم نەتەوە بچووکەکانی سەر ئەم زەوییە، ڕەنگە تەنیا گریکییەکان لە بەخشین و هاریکاریکردنی مرۆڤایەتیدا بۆڕی سکۆتلەندییەکانیان دابێتەوە''. دەبێ داگیرکراو کاریگەرییەکی بەم شێوەیە لە داگیرکەرەکەی بکات. دەبێ سکۆتلەندییەکان چییان کردبێ، کاتێک داگیرکەرەیان بەم شێوەیە باس لە سکۆتیەکان دەکات؟

سکۆتیەکان هونەر و چێژی خۆیان لەگەڵ خەڵکەکەیان و گەشتیارەکان بەش دەکەن. لە هەمان کاتدا، هەندێ لەو شتانەی خەڵکی سکۆتلەندی پێ دەناسرێتەوە شێوەی ترادیسۆنی جل و بەرگیانە، هەروەها موزیکێکی ترادیسیۆنی تایبەت بە خۆیان هەیە کە بە ئامێری (Bagpipe) دەژەنرێ، یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانیان خواردنەوەی وێسکییە، وێسکی سکۆتی بەناوبانگە، هەربۆیە بەرهەمی باشیان هەیە، هەروەها جۆرێک لە بسکویتیان هەیە کە لە بسکویتی هەموو شوێن و ناوچەکانی دیکە جیاوازە. لە ئێدنبرەدا، ساڵانە فێستیڤاڵێک لە مانگی هەشتدا دەکرێ کە ماوەی یەک مانگ دەخایەنێ و تێیدا سەما، موزیک، کۆنسێرت، ئۆپێرا و شانۆ لە هۆڵ، شەقام و شوێنە گشتییەکاندا نمایش دەکرێن. کاتێک دەچیتە ئەم شارە، چەندان دووکان و پێشانگە دەبینی کە تایبەت کراون بۆ بەرهەمە ناوخۆیی و خۆماڵییەکانی ئەوێ، ئەوانەی کولتوور و شارستانیەتی ئەوانی پێ دەناسرێتەوە. هەندێ شار ماوەیەکی کەم تێیاندا دەمێنییەوە بەڵام کاریگەرییەکی زۆر قووڵت لەلا بەجێدێڵن.

ئێدنبره شارێکی تەواو مێژووییە، بە تەلارسازیی بیناکان و پەیکەرەکاندا دەرک بەوە دەکرێ. پەیکەری چەندان کەسایەتی گرنگ لەنێو شەقام و سەر ڕێگەکاندا دەبینرێ، چونکە هونەری پەیکەرسازی بە هونەری گشتی، هونەری خەڵک ناسراوە. یەکێک لەو پەیکەرانە دەیڤید هیومی فەیلەسوفە. پەیکەری هیوم لەنێو شاردا ژێرپێکانی دەدرەوشێنەوە، کەم کەس هەیە لەو شارەدا بەلایدا تێپەڕێت و دەست لە پێیەکانی نەدا، بەتایبەت فێرخوازەکان، چونکە گوایە کاتێ دەست لە پەنجە گەورەی پێی دەدەن! بەختێکی باشیان بۆ دەهێنێ. من هەرکاتێ بەلایدا ڕەتبوایەم دەستم لە پەنجە درەوشاوەکانی دەدا و چێژم لە دیمەنە جوان و مێژووییەکانی ناو بازاڕەکە وەردەگرت. ئەمە بۆ بەختێکی باش نەبوو بۆ خۆم، بەڵکو هیوم یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی من خوێندوومە، چونکە سوود یان چێژم لێوەرگرتووە و لێوەی فێربووم. گرنگیی هیوم لە تیۆرییەکانیدا سەبارەت بە هونەر و جوانی دەردەکەوێ، سەبژێکتیڤێتی جوانی شوێنێکی گرنگی لەنێو ترادیسیۆنی فەلسەفەی خۆرئاوادا هەیە. هیومیش لەژێر کاریگەریی ئەو هزرە بڕوای بە جوانی هەیە، جوانی کێشەیەکی ناوەندییە لە ئیشەکانیداو پێیوایە: جوانی ئەدگارێکی خۆیی شتەکان نییە، بەڵکو جوانی شتێکە لەنێو هۆشی بینەردایە، هەر بینەرێکیش تێگەیشتنی جیاوازی بۆ جوانی هەیە. پەیکەری هیوم لە شوێنێکی ئاسایی و سەرە ڕێیەکی نێو بازاری ئێدنبرەدایە، وەک زۆربەی ئەو پەیکەرانەی کە لەنێو ئەو شارەدان و هەرکەسێک دەتوانێ بەلایدا تێپەڕ ببێت نەک بە تایبەتی بچێ بۆ بینینی. هەرچەندە ئەمەش نەسازە لەگەڵ ئێستێتیکی هیوم خۆیدا، ئەو پێیوابوو ئیشی هونەریی پەیکەر، تابلۆ، موزیک، دەبێ لە نێو پێشەنگاکان، مۆزەخانەکان و هۆڵی کۆنسێرتەکان (هۆڵی نمایشەکان) بێ، جیاکراوە بێت لە ژیانی جەنجاڵی و قەرەباڵغیی ڕۆژانەدا کە پڕە لە شێواوی. تەنیا فەزایەک بۆ هونەر شیاوە کە بەتەواوی لە ژیانی ڕۆژانەدا جیاکرابێتەوە، یاخود هیومیانە بڵێین: مۆزەخانە تاقیگەیەکی مەزنە بۆ ئەزموونکردنی هونەر. چونکە تۆ لەوێ هێمنییەکی تەواوی هۆشت هەیە، بەسەرنجدانێکی ورد لە ئیشە هونەرییەکە چێژێکی ساغ و ڕەسەنت بۆی دەبێت، هەر لەبەر ئەوەیە تەنیا لە مۆزەخانەدا دەتوانین ئەو ئەزموونە بکەین.

دەمەوێ لەوەوە پرسیاری ئەوە بکەم بۆچی لێرە پەیکەری نووسەر، شاعیر، هونەرمەندان دەبێ لە نێو پارکێک یان دیواربەندی چوارچێوە بۆ کێشراودا دابنرێ؟ ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە لێرە نوخبە نەیتوانیوە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر کۆمەڵگە هەبێ و بچێتە نێو خەڵکەوە. لەکاتێکدا ئەو کولتوورەی سکۆتلەندییەکان دەرخەری ئەوەیە کە ئەوان دەرک بەوە دەکەن و بەئاگان لە ناسینی کەسە گرنگەکانی نێو هزر و مێژوویان، شارستانیەتی شارەکەیان و سەرکردەکانیان.

لە ساڵی (1724) دا شارەوانیی ئێدنبره گردی (Calton Hill)ی کردووە بە پارکی گشتی، دواتر لە ساڵی (1760) دا مۆنۆمێنت و بیناکانی تێدا بونیادنراوە کە ئەمانە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی ڕۆشنگەریی سکۆتی. لەو کاتەدا سکۆتلەندا لە ڕووی زانست و فەلسەفەوە زۆر پێشکەوتوو بووە، یەکێک لە فیگەرە دیارەکانی ڕۆشنگەریی سکۆتلەندی دەیڤید هیومی فەیلەسوف بووە. لەبەرئەوە بەجوانی هۆشی هیوم و لەسەر بڕیاری خۆی، ڕێگەیەکی مێژوویی لەسەر (Calton Hill) واتا گردی کاڵتۆن دروستکراوە کە دواجار گۆڕەکەی هیوم خۆیشی لەسەر ئەم گردەیە. ئێستاش ئەم گردە بەشێکی گرنگە لە شوێنەوارە ناوازە و نایابەکانی ئەو شارە، بووەتە میرات و شوناسی سکۆتلەندییەکان، بووەتە شوێنی کۆکردنەوەی هەریەک لە ناسیۆنالیزم، فەلسەفە و زانستی سکۆتی. لە کاتێکدا پێش هیوم گردی کوشتن و لە سێدارەدان بووە، هەروەها شوێنی سرووتەکانی پاگانەکان بووە. چۆن دەکرێ هزری فەیلەسوفێک هێندە کاریگەری لەسەر شارستانیەت و کولتووری شارێک هەبێت؟ لەبەرئەوە دەکرێ بڵێم عەقڵی فەیلەسوف بونیادنەرە. ئێستا خەڵکی لە هەموو جیهانەوە دێن بۆ سەیرکردنی گردەکە و ڕێگەکەش ناونراوە (Hume walk) واتا پیادەڕەوی هیوم، زۆر لە هزرڤانە مەزنەکان لە کاتی پیاسەدا بیرۆکە و هزرەکانیان بۆ هاتووە. هیومیش بەهەمان شێوە پیاسەوان بووە، زۆربەی کاتەکان پیاسەی تێدا کردووە و بیری لە تیۆرییە فەلسەفیەکانی کردووەتەوە.

هەروەک فرێدریک گرۆس لە کتێبی (فەلسەفەی پیاساندن)دا بەردەوام جەخت لەو هزرۆکەیە دەکاتەوە کە پیاسە ئازادبوونە؛ هەر بۆیە مرۆڤ هێندە لەو شارەدا و بەتایبەت لە گردی کاڵتۆن هەست بە ئازادی و هێورییەکی ڕەسەنی شوێن و ژینگەکەی دەکات. لەبەرئەوە دەکرێ ئەقڵێکی شارستانیانە ژیانێکی شارستانیانە و بەختەوەرانە بەرهەم بهێنێ. دەکرێ فەیلەسوفێک کاریگەرییەکی زۆری لەسەر وڵاتێک و بەتایبەت شارێک هەبێت. پێموایە ئێدنبره شارێکی تابلۆیی جوانە، جوانییەکی سەرسامکەری هەیە، بەڵام بەهیومەوە جوانتر بووە.



# شیعر و فەرهەنگ

## ''بێکەس و پەشێو زۆرترین وشەیان لە فەرهەنگەوە هێناوەتە نێو شیعر''




■ رزگار جەباری

لە سەردەمی ئەفراندنی شیعرەوە و بەدرێژایی ڕەوڕەوەی مێژوو، بەپێی هەلومەرج و بارودۆخ تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، شیعر گەلێ ئەرک و پەیام و ڕۆڵی گرتووەتە ئەستۆ و لێی بارکراوە. بۆیە خەرمانێکی بەرفراوانی مەعریفە و زانیاری و جۆری بیرکردنەوە و شێوازی ئاخاوتن و ڕەهەندی سۆزداریی مرۆڤ، هەمبەر بە بوونی بە میرات بۆ بەجێهێشتووین. لێرەدا ئەوەی مەبەستمە لەنێو ئەو هەموو ئەرک و ڕۆڵەدا، شیعر ڕۆڵێکی پێواری هەیە، ئەویش بریتییە لە ڕۆڵی فەرهەنگ (قاموس). پەیوەندیی نێوان شیعر و فەرهەنگ و کاریگەرییان لەسەر یەک چییە؟ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ تۆمارە هەرە کۆنەکانی شیعر، دەبینین لاوژەی (گەلگامیش) کە بەدوو جۆری تۆمارکراو بەدەستمان گەیشتووە، هەم بە نەخشی هەڵکۆڵدراو و هەم بەگێڕانەوەیەکی شیعریانە، ئەگەر جۆری دووەمیان نەبووایە، نەخش و نیگارە هەڵکۆڵدراوەکان هەرگیز وردەکاریی چیرۆک و بەسەرهاتەکانیان بۆ ڕوون نەدەکردینەوە، ئەوە گێڕانەوەیە لە ڕێگەی زمانەوە ئاگاداری ورد و درشتی ڕووداوەکانی ئەم لاوژەیەمان دەکات. ئەم لاوژەیە بووەتە فەرهەنگێکی نایاب بۆ پاراستی سەدان وشەی ئەو زمانەی پێی تۆمارکراون کە ڕۆژگارێکە چوونەتە ڕیزی زمانە مردووەکانەوە. پاراستن و بەردەستخستنی ئەو وشانە، کەرەسەیەکی ئێجگار پڕبایەخە بۆ زانایانی شوێنەوارناس و زمانناس و ئەنترۆپۆلۆجیست و دەیان بوار و کایەی مەعریفیی دیکە. یەکێک لەو ڕەهەندانەی سیفەتی شاکاریی دەبەخشن بە هەردوو بەرهەمەکەی (هۆمیرۆس) واتە (ئیلیادە) و (ئۆدیسە)، بەکاربردنی هەموو وشەکانی زمانی یۆنانیی ئەو سەردەمەیە، کەواتە ئیلیادە و ئۆدیسە وەک فەرهەنگێکی دێرینە ڕۆڵ لە پاراستنی سەرلەبەری قۆناغێکی مێژوویی زمانێکدا دەگێڕێ، کە جارێکی دیکە بۆ زمانناسان کەرەسەیەکی ئێجگار پڕبایەخە بەتایبەتی بۆ توێژینەوەی بەراوردکاری لە نێوان قۆناغە جیاوازەکانی هەمان زماندا. شاکارێکی دیکە کە دەتوانین بڵێین ڕۆڵی هیچ کەمتر نییە لە بەرهەمەکانی هۆمیرۆس، (شانامە) کەی (فیردەوسی)یە. فیردەوسی لەم بەرهەمەدا توانیویەتی ژمارەیەکی زۆری وشەی ڕەسەنی فارسی بەکاربێنێت و وەک میراتێک و گەنجینەیەکی گرانبەها بۆ نەوەکانی دوای خۆی بەجێی بهێڵێت. فیردەوسی خۆی دەڵێت:

''بسی رنج بردم در سال سی
عجم زنده کردم بدین پارسی''

شاعیر لەڕێگەی سی ساڵ هۆنینەوەی بەرهەمەکەوە زمانێکی زیندوو کردووەتەوە کە ئەویش زمانی فارسییە. ئەوەی جێگەی سەرنجە، شانامە کە نزیک بە 60 هەزار دێڕە هۆنراوەیە، تێیدا کەمتر لە 40 وشەی عەرەبی بەکار هاتووە و سەرنجی تەواوی لەسەر وشەکانی زمانی دایک بووە. لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا و شیعری جاهیلی نموونەی (معلقات) وشە گەلێکی ئێجگار فراوانی زمانی عەرەبییان تۆمار کردووە. بەهۆی ئەوەی واتا و مەغزاکانی وشە دەکەوێتە ژێر فاکتە دەرەکییەکانەوە، بۆیە گۆڕانکارییان بەسەردا دێ. لەو سۆنگەوە ڕاڤەکارانی قورئان، بۆ ڕاڤەکردنی ئایەتێک و تێگەیشتنێکی تەواو لە وشەیەک کە هیچ پاشینەیەکی نییە لە واتا و مەغزای سەردەمیانەدا، ناچار دەگەڕێنەوە بۆ شیعری سەردەمی جاهیلی تاوەکو بزانن لەو ڕۆژگارەدا پێشینانیان بە چ واتا و مەبەستێک بەکاریان بردوون و لە ژێر ڕۆشنایی ئەو مەبەستانەدا ڕاڤەکەی خۆیان تەواو بکەن. بۆیە دەبینین شیعری سەردەمی جاهیلی فەرهەنگێکی ئێجگار نایابی زمانی عەرەبییە. لە ئەدەبیاتی کوردیدا شیعر بۆ زیاتر لە هەزارساڵ ناگەڕێتەوە، بەڵام میراتێکمان هەیە بۆ نووسینەوەی فەرهەنگ، (هەژار موکریانی) بۆ نووسینەوەی فەرهەنگی ( هەنبانە بۆرینە) بە تایبەتی وشەکانی زاراوەی کرمانجی ژووروو، سوودی لە دیوانی شاعیرانی مەلای جزیری و مەم و زینی ئەحمەدی خانی و... هتد وەرگرتووە. ئەگەر شیعری کۆن بۆ نووسەرانی سەردەم سەرچاوە و کەرەسەی نووسینەوەی فەرهەنگ بووبێت، ئەوا ئەو فەرهەنگانە جارێکی دیکە گەڕانەوە ناو شیعر لە ڕێگەی بەرهەمی شاعیرانی سەردەمەوە. کاتێ شاعیر هەست بەوە دەکات کە زۆر وشە لە تابووتی فەرهەنگدا ڕاکشاون و چاوەڕوانی تەلقین دەکەن، ئەم پەلیان دەگرێت و پەلکێشی نێو شیعریان دەکاتەوە تا جارێکی لە ڕێگای شیعرەوە بکەونەوە سەر زاران و هەناسە بدەنەوە. پێموایە دوو شاعیری دیار چ بە ئاگاییەوە یان بە نائاگاییەوە، هەوڵیان داوە زۆرترین وشەی ناو فەرهەنگ بهێننەوە ناو شیعر، ئەوانیش (شێرکۆ بێکەس) و (عەبدوڵڵا پەشێو) ن. ئەڵبەتە فەرهەنگ بۆ شاعیرانی سەردەم نەک تەنیا ڕاستەوانە سەرچاوەیەک بووبێت بۆ هەڵگۆزینی دۆڵچەی وشە، بەپێچەوانەشەوە شاعیرانی سەردەم توانیویانە سەدان زاراوە و دەستەواژەی تازە ببەخشن بە فەرهەنگ. چونکە شاعیرانی سەردەم بە پشتبەستن بە خەیاڵ، وشە و پێشگر و پاشگر و مۆرفیمەکان وەک کانزا دەبینن. بە توانەوەیان لە بۆتەی شیعردا سەدان چەمک و زاراوە و دەستەواژەی نوێ دادەڕێژن. خەیاڵی شاعیر هێند سەیر وشەکان بەیەک دەگەیەنن کە بە خەیاڵ و هزری کەسدا نەیەن. (لارس پێرین) نووسەری کتێبی (لە بارەی شیعرەوە)، دەڵێت: ''لە شیعردا هەندێ جار دوو وشە کە بەیەک دەگەن، واتای سەیر دەخولقێنن''. ئەحمەد ڕەزا باس لە کیمیای وێنە دەکات لە شیعردا کە شاعیر چۆن دوو وێنە تێکەڵ بەیەک دەکات و وێنەی تازە بەرهەمدێنێ. وشەی (شانۆ) زادەی خەیاڵی شاعیرانەی گۆرانی شاعیرە و هیچ بنج و بنەمایەکی مێژوویی نییە بۆ ئەم وشەیە کە بە واتای (مسرح) دێ. شاعیر کارگەیەکە بۆ بەرهەمهێنانی زاراوەی تازە کە جێی خۆیان لە زەیندا دەچەسپێنن و دەبنە وشە و زاراوەگەلی باوی سەر زمان و نووسین. دواجار لەوێوە دەچنەوە ناو فەرهەنگ.



# هاشم سەڕاج: شیعر بەرهەمی بیرکردنەوە و هێزی هەست و خەیاڵە

پیاوێک مووەکانی سەری لە نێو پەیڤ و خوێندنەوە و شیعردا سپی کردووە، زۆر شیعر دەنووسێت و ئەزموونی جیاجیای هەیە، بە دوای تازەگەری و شتە نەگوتراوەکاندا دەگەڕێت، شەیدای رەنگی شینە و پێناسەی شیعری بۆ ناوەکان دەکات، ئەو پیاوە، هاشم سەڕاجی شاعیرە.

**هەڤپەیڤین: پەسار فایەق**

**ئەدەب و كولتوور: لە تەمەنەوە دەستپێدەکەین، بە تەمەنداچوون چ کاریگەرییەکی لەسەر روانین و توانای شاعیر لە نووسینی دەقی شیعریدا هەیە؟**

**هاشم سەڕاج:** تەمەن ریتمە تێپەڕ دەبێت و هەر قۆناغێکی بریتییە لە بیرکردنەوە و ئاوازێکی تایبەت، رەنگە توانای شیعری وەک هەڵکەوتن و گەشە و پێگەیشتن، لەبنەڕەتدا پەیوەندی بەبوونی مرۆڤەوە هەبێت، دەمەوێ بە دیدی مارتن هایدگەر (1976-1889) بابەتی پرسیارەکە شی بکەمەوە. مرۆڤ خاوەن بوونێکی پووچ و بێبنەڕەتی کاتییە و بوونێک لێوانلێو لە درز و کەلەبەر. هەوڵ دەدات لەرێی هەوڵ و کۆشش و چالاکی و بیرکردنەوەی داهێنەرانەوە، درز و کەلەبەرەکانی پڕبکاتەوە، دواجار مەرگ لە پڕێکا دەردەکەوێت و بەتەواوی و بۆ یەکجارەکی پڕی دەکاتەوە. مەبەستم ئەوەیە ئەگەر ریتمی توانای شیعری بەشێوەیەکی بەردەوام بە وێستگەکانی هزر و مەعریفەدا تێپەڕببێت، روانین و دنیابینییەکانی بەشێوەیەکی بەردەوام گۆڕانکاریان بەسەردادێت و رووەو هەڵکشان و باڵابوون هەنگاو دەهاوێژن و توانای شیعری، پیری و بەتەمنداچوون بەخۆیەوە نابینێت، بەپێچەوانەوە بەردەوام لەرێگەی زانین و گۆڕانکاری و ئەزموونەوە خۆی نوێ دەکاتەوە و دەقی کراوە و دانسقە بەرهەمدەهێنێت، چونکە شیعر سەرەڕای توخمەکانی دیکەی، جۆرێکە لەبیرکردنەوەی داهێنەرانە، مەبەستم شیعری باو و تاک دەلالەتی و داخراو نییە کە بەزمانێکی لە کارکەوتوو دەنووسرێت و ناتوانێت لەرێگەی هزرو چێژو ئێستاتیکاوە پردی پەیوەندی لەگەڵ خوێنەری وەرگردا دروستبکات، چونکە شیعری کراوە وابەستەی هەست و هزری ئۆنتۆلۆجییە و تەماسی لەگەڵ حەقیقەتی بووندا هەیە، خوێنەر دەتوانێت تێیدا بەشداری بکات و واتای پێ ببەخشێت، شیعرێکە راستیی بوون دەناسێت، بۆ نموونە سەیری ئەدۆنیس بکە، سەرەڕای بەتەمەنداچوونی، دەقەکانی پڕن لە پرشنگەکانی فیکری نوێ و جیاواز، دەشێ بەشێکی بەردەوامبوونی توانای شیعری لە بواری داهێناندا پەیوەندی بە خوێندنەوە، بیرکردنەوە، هەست، خەیاڵ، تێڕامان و بەداداچوون هەبێت، جا خۆ ئەم هاوکێشەیە کۆی بوارەکانی دیکەی فیکر، مەعریفە، ئەدەب و زانست و ... هتد دەگرێتەوە.

بیرمەندی ئەڵمانی هانز جۆرج (گادامێر 2002-1900) تەمەنێکی زۆر ژیا و تاوەکو دوا چرکەکانی تەمەنی تێزە هێرمنیوتیکییەکەی بە هزری قووڵ و نوێی فەلسەفی دەوڵەمەند دەکرد، دەشێ زۆرجار هاوکێشە داهێنەرییەکەی فۆرمێکی جیاواز و پێچەوانە وەربگرێت، بەڵام هەرگیز لە رەهەندەکانی خوێندنەوە و مەعریفە بەدەر نییە، مەبەستم پێشڤەچوون و باڵابوون و هەڵکشانی روانین و دنیابینییە لە دەورانێکی زووی هەرزەکاری و قۆناغی گەنجیدا، بۆ نموونە رامبۆ تەنیا سێ ساڵ شیعری نووسی و بونیادی زمانی شیعری فەرەنسی گۆڕی، دواتر سەری خۆی هەڵگرت و چووە حەبەشە و بوو بە قاچاخچی، یان شاعیری ئەڵمانی (نۆڤالیس1801-1772) بەجوانەمەرگی سەری نایەوە، لەدوای خۆی کۆمەڵێک دەقی شیعری ناوازەی بەجێهێشت، دەتوانم سەبارەت بەم بابەتە بەگشتی لەسەرجەم بوارەکانی ئەدەب، هونەر، فیکر، فەلسەفە و مەعریفەدا چەندین نموونەی جۆراوجۆر بخەمەڕوو، بۆ نموونە (بیتا مەلەکووتی) ژنە نووسەری ئێرانی، لەدایکبووی حەفتاکانە و لە رۆمانی "مای نەیم ئز لەیلا"دا بەتێز و ستایلگەلێکی پۆستمۆدێرن کاری لەسەر کۆمەڵێک بابەت و رووداوی جۆراوجۆر کردووە کە لێوانلێون لە حەزو چێژی حەرام، مەبەستم ئەوەیە پەیوەندیی نێوان کردەی نووسین و تەمەن لە رووی روانین و دنیابینییەوە پەیوەندییەکی ئاڵۆزە و بەئاسانی شی ناکرێتەوە.

**ئەدەب و كولتوور: یەکێکی لەو شاعیرانەی کە تەکنیک و روانینی نوێ لە شیعرەکانتدا بەکاردێنێت، کەرەستە و شتی سەردەمیانە لە دەقەکاندا بەدی دەکرێن، هەموو ئەمە لە ترسی خۆدووبارەنەکردنەوەیە؟ شاعیر چۆن دەتوانێت تاوەکو دوا تەمەنی نووسەری شتە نەگوتراوەکان بێت و داهێنەر بێت؟**

**هاشم سەڕاج:** سەرەتا سەبارەت بە تەکنیک و روانین حەزدەکەم بەم دەستەواژەیە دەستپێبکەم، ئێستا من لەم سەردەمەدا دەژیم و بەپێی توانا لەگەڵ گۆڕانکارییە رۆشنبیری و مەعریفی و سەرچاوە ئەلیکترۆنی و دیجیتاڵییەکاندا رێدەکەم، رەنگە لە بواری تەکنیکی شیعردا سوودم لە سیمیولۆجیا، زانستی زمان، هونەری گێڕانەوە و راڤەی فەلسەفی، بنەماکانی شەپۆل و رێبازە ئەدەبییەکانی شیعری ئەورووپی وەرگرتبێت، بەڵام زۆرجار تەکنیک لە پڕێکا و لەگەڵ فۆرم و ستایل و دارِژانی ریتمی شیعری دروستدەبێت، دەشێ لەمەڕ روانین و دنیابینییەوە بەشێکی وەڵامی پرسیارەکە لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا بدۆزرێتەوە، بۆیە دەمەوێ لە چەمکی ترسی خۆدووبارەکردنەوە بدوێم کە لە پرسیارەکەدا هاتووە.

من وای بۆ دەچم لە پرۆسەی نووسیندا ترس بوونی نییە، بەڵکو ئەوەی گرنگە نیگەرانییە و مرۆڤ بۆخۆی بوونەوەرێکی نیگەرانە و بەهۆشمەندییەوە لەنێو جیهاندا دەژیت و کرۆکی نیگەرانییەکەی پەیوەستە بەمەرگەوە، هەروەها دڵەڕاوکێی داهێنان بەهەمان شێوە حاڵەتێکی قووڵی نیگەرانییە و پەیوەندی بەخودی نووسەرەوە هەیە، نیگەرانی چەشنی خوێنەرێکی ناوەکی لەرێی ئاگاییەوە چاودێریی ئاست و دنیابینی نووسین دەکات، دەتوانم بڵێم نووسەر بوونەوەرێکی نیگەرانی بوونگەرای فینۆمینۆلۆجی و هێرمنیوتیکییە، هەوڵ دەدا لەرێگەی بیرکردنەوە و تێڕامانەوە باکگراوندی مەعریفی و ناخودئاگای بنووسێتەوە، هەوڵەکانیشی بەشێوەیەکی بەردەوام روویان لە داهاتووە. نووسەر بە سرووشتی خۆی حەزدەکا دوور لە ژاوەژاو و جەنجاڵی پشوو بدات و لە کەشێکی ئارام و هێمندا سەرقاڵی نووسین بێت، بۆ نموونە لە ئەزموون و پرۆژەی شیعری پەخشان یاخود کتێبی پەخشاندا کە بەرهەمی ساڵی 2016یە، رۆژانە دانی بەیانیان بۆماوەی چەند کاژێرێک لە قاوەخانەی مەچکۆ دادەنیشتم و لەرێگەی بیرکردنەوە و تێڕامانەوە و بە سێ تاوەکو چوار کۆپلەی شیعری دەگەڕامەوە ماڵەوە و لاپتۆپەکەم دادەگیرساند و نووسینەکانی نێو زەینم تایپ دەکرد و لە فەیسبووک بڵاومدەکردنەوە، کەواتە نووسەر ئەگەربێت و زۆرترین کاتی بۆ خوێندنەوە و بیرکردنەوە و تێڕامان تەرخان بکات، رەنگە بتوانێت بەردەوام دەقی قووڵ و جوان و ناوازە بەرهەمبهێنێت.

**ئەدەب و كولتوور: لەم چەند ساڵەی دواییدا چەند ئەزموونێکی نوێ و سەرنجڕاکێشت هەبوو، لەوانە "نانۆ شیعر"، "زمان و زەماوەندی ناوەکان" و "شەبەنگی شینی ژمارەکان" و چەند بەرهەمێکی دیکە، هاشم سەڕاج لە کوێی ئەم دەق و ئەزموونەدا خۆی بە نامۆ دەبینێت و لە کوێدا بە خاوەن ماڵ؟**

**هاشم سەڕاج:** ئەگەر لە روانگەی (ئایزەر)ی بیرمەندو مامۆستای زانکۆی (کۆنستانس)ی ئەڵمانی کە لەگەڵ (یاوس) بەیەکەوە بەدامەزرێنەری تیۆری ئێستاتیکای وەرگرتن دادەنرێن، لەم بابەت و پەیوەندییە بڕوانین، ئایزەر تێکست بۆ دوو جەمسەر دابەش دەکات، جەمسەری هونەری دەخاتە پاڵ دانەرو جەمسەری ئێستاتیکی بۆ خوێنەر جێدەهێڵێت، هەروەها (گادامێر) سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان دەق و خوێنەر پێیوایە خوێنەری وەرگر لەکاری راڤەی فەلسەفیدا پەیوەندی بەدەلالەتە سایکۆلۆژییەکانی دانەرەوە نییە کە تایبەتن بە خودی خۆیەوە، هەروەها واتای دەق لە مەبەستەکانی دانەر جیادەبێتەوە، بەڵکو ئەوەی لای گرنگە دەستەبەرکردنی دەلالەتە زەینییەکانن. دەمەوێ لێرەدا لە پەیوەندییەکانی نێوان دەق و وەرگر و دانەر بدوێم، لای ئایزەر ئەوە خوێنەرە ئێستاتیکا بە تێکست دەبەخشێت، هەڵبەتە جەمسەری هونەریش وەک فۆرم و پێکهاتەو هێزی دنیابینی پابەندە بە چالاکییەکانی دانەرەوە، بۆیە دەتوانم بڵێم دانەر تاوەکو کۆتاهێنان بەپرۆسەی نووسینەکەی پەیوەندی بەتێکستەوە دەمێنێت، دواتر لێکجیادەبنەوە، من زۆرجار کاتێ سەیری تێکستێکی خۆم دەکەم وەک خوێنەرێک لەبەردەم هێماو دەلالەتەکاندا هەست بەنامۆیی و سەرسوڕمان دەکەم، چونکە کردەی نووسین بەتایبەتی شیعر کارێکی عەقڵانی نییە و تێیدا نائاگایی پشکێکی زۆری بەردە کەوێت، خودی نائاگاییش لای (لاکان) فۆرم و بونیادو پێکهاتەیەکی زمانی هەیە و خاوەن بیرکردنەوەیەکی تایبەت بەخۆیەتی، کەواتە شاعیر چۆن دەتوانێت خۆی بە خاوەنماڵی دەق بزانێت، لە کاتێکدا زمان بۆخۆی سیستمێکە لە ئاماژە و ماڵی بوونە، مەبەستم لەم دەربڕینە تیشکخستنە سەر رۆڵی کاریگەری خوێنەرە لە کردەی خوێندنەوەو راڤەدا. دەق بەبێ چالاکیی خوێنەر و خوێندنەوە لە رەفەکانی کتێبخانەدا دەمێنێتەوە و تۆزی لەسەر دەنیشێت، خوێنەری وەرگر وەک هاوبەش و بەشدارێک دەلالەتەکانی دەق دەدوێنێت و کۆدەکان دەکاتەوە و چێژ لە وێنە مەجازییەکانی وێژەگەلی نێودەق دەباو واتای نوێ و جیاواز بەتێکست دەبەخشێت، بەتایبەتی ئەو دەمەی لەکاتی خوێندنەوەدا خەیاڵ دەیبات و خۆی لە جیهانێکی شیمانەکراوی گونجاو و لەباردا دەدۆزێتەوە، (رۆلان بارت) دەڵێ خوێنەر لەم چرکەساتەدا مەرگی نووسەر (دانەر) رادەگەیەنێت و هەست بەئازادییەکی تەواو دەکات و خۆی لەو جیهانە گریمانکراوەدا دەدۆزێتەوە، کەواتە نووسەر یا دانەر هەرگیز خاوەنماڵ نییە و بوونی مرۆڤ وەک دازاین یان بوون لێرە و لە جیهاندا هەمیشە بوونێکی هۆشمەند و نیگەران و نامۆگەرایە، دەکرێ لەرووی چارەنووسەوە بەواتای دەق بچوێنرێت، وەک چۆن چەمکی واتا لای (جاک دریدا) بەشێوەیەکی بەردەوام لەگەڵ کردەی نووسیندا ئیزافەی بۆ دەکرێت و بابەتی جۆراوجۆری دەخرێتە سەر و بە جیاوازییەوە دوادەخرێت. دواجار دەکەوێتە غیابێکی تەواوەوە، رەنگە بێ واتایی بوونی مرۆڤ بەهەمان شێوە لە دەقی جیهاندا بەهەمان چارەنووس بگات، ئەمەش بۆخۆی گوزارشتە لە بێهوودەیی و نامۆگەرایی.

**ئەدەب و كولتوور: زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە دەقی شیعر دەبێت سادە و کورت و پوخت بێت، شیعری نانۆ زیاتر ئەم تایبەتمەندیانەی تێدا بەدی دەکرێت، لە ساڵی 2012 ئەو ئەزموونەت تاقیکردووەتەوە، کەواتە بۆچی بەم شێوازە نانووسی؟**

**هاشم سەڕاج:** نانۆ ئەزموونێک بوو لە پرۆژە شیعرییەکانم، هەوڵمدا لەرێگەی بەکاربردنی چەند وشەیەکەوە کە خۆی لە چوار تاوەکو پێنج وشە دەدا، بە سیاقی جۆراوجۆری دەربڕین، هەست، نەست، هزر، خەیاڵ و گەمە زەینییەکانم بە داڕژانی ریتمی بنووسمەوە، بەئازادی مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵێک بابەت و رووداودا بکەم و دنیابینی جۆراوجۆر بخەمەڕوو، هەروەها بەسرووشتی خۆم حەزناکەم بەشێوەیەکی بەردەوام لەسەر یەک جۆر رەوتی نووسین و ریتم و فۆرم و ستایل جێگیر بم، بەپێچەوانەوە جوانیی ئەدەب لە رەنگاوڕەنگی و جۆراوجۆریی دەربڕیندا دەبینم، (رۆلان بارت) گوتەنی نووسەر کاتێ ستایلێکی نوێ بەکاردەبا،

## جوانیی ئەدەب لە رەنگاوڕەنگی و جۆراوجۆریی دەربڕیندا دەبینم


ستایلەکەی پێشووی رەشدەکاتەوە، مەبەستم لە بەردەوامی و نووسین و گەیشتنگەراییە، راستە لەئەزموونی نانۆدا گرنگیم بە چڕی و دەستپێوەگرتن و کورتبڕی داوە، بەڵام ئەوەی لە پرۆسەی شیعردا گرنگە توخمی شیعرگەراییە، ئەم خاڵەش پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە خودی خوێنەری وەرگرەوە هەیە، دەتوانم بڵێم بەشێک لەو بنەما شیعرییانەی لە ستایلی شیعری نانۆدا بەدیدە کرێن، دەشێ لە ئەزموونەکانی دیکەی پێش و پاش نانۆشدا بەشێوە و شێوازی جیاواز بوونیان هەبێت، بۆ نموونە لە ئەزموونەکانی دەقی سپی، پەخشانی شین، کتێبی پەخشان و تەنانەت لەم پرۆژە تازەیەشم کە بەنێوی شیعرەو لەگەڵ هاتنی 2017 دەستمپێکردووە، گرنگیم بەچڕی و کورتبڕی داوە، لە کۆتاییدا سەبارەت بە نانۆ دەڵێم- جوانی بادیلۆ بەخۆڵ دادە پۆشرێ- نانۆدەقێکی سادەی بریسکەیی فرە دەلالەتییە!.

**ئەدەب و كولتوور: ئەگەرچی باس لەوە دەکرێت کە شیعر هیچ وەزیفەیەکی نییە و زیاتر گرێدراوی ئێستاتیکا و زمانە، بەڵام لە هەندێک قۆناغدا وەزیفەی خراوەتە پاڵ و بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێنراوە. لە سەردەمێکدا دەژین کە جیهان نەهامەتی و ناخۆشیی زۆر بەخۆیەوە دەبینێت، لەم قۆناغەدا پەیامی شاعیر دەبێت بە چ ئاراستەیەک بێت؟**

**هاشم سەڕاج:** شیعر لەبنەڕەتدا زمانە و بونیادی زمانی بۆ خۆی چەشنی شیعر چنراوە و ماڵی موزیکیشە! شیعر بەرهەمی بیرکردنەوە و هێزی هەست و خەیاڵە، لەوانەیە خوێنەری بەشدار چەشنی ئەتمۆسفێرێکی سیمیۆلۆژی پێشوازی لێ بکات و چێژ لە ریتم و هزر و گەمەی ئاماژەکان ببینێت، رەنگە شیعر جگە لە پەیام یاخود گوتاری ئێستاتیکی پەیامێکی دیکەی نەبێت، بەڵام ئەوە خوێنەری وەرگر و بەشداره واتای پێدەبەخشێت، شاعیر سوبێکتە وەک چۆن (میشێل پیکارد)ی بیرمەندو رەخنەکار لە دیاریکردنی خوێنەری واقیعدا دەڵێ خوێنەر لە گۆشت و ئێسقان پێکهاتووە و مرۆڤە و خەون و دنیابینی و وێناکردنی تایبەت بەخۆی هەیە، خوێنەری یاریزان دەتوانێت لە رێگەی کارلێک و ئاوێتەبوون لەگەڵ دەقدا خەیاڵ و بیرکردنەوەکانی بنووسێتەوە، هەڵبەتە هەمان هاوکێشە بەسەر جیهانی شاعیریشدا پراکتیزە دەکرێت، شاعیر چییە؟ بوونەوەرێکە یا دازاینە بوونە لێرە لە جیهاندا یا بەچەمکی – هوسرڵ – لە (جیهانی ژیان)دا دەژیت و لەوێش دواجار دیاردەمێنێت، جا جیهانی ژیان خۆی لەخۆیدا بەرهەمی کردەو چالاکییەکانی مرۆڤە، راستە شاعیر هەست، هزر، جوانی، گومان و نیگەرانی دەنووسێتەوە، بەڵام کاتێ جیهانی ژیان بەمەینەت و تراژیدیا دەتەنرێتەوە و سوبێکت بەهۆشمەندییەوە کاری تێدەکات و زۆرجار خودی زمان لەبەردەم تراژیدیای مرۆڤیدا هەڵدەلەرزێت و توانای گوزارشتی لەدەست دەدا، هاوکات کارلێک و ئاوێتەبوونی ژینگەو دەوروبەر، لەچۆنیەتی بیرکردنەوە و وێناکردنی شیعریدا رەنگدەداتەوە، بەتایبەتی لەم سەردەمەی ئێستای کەوتنی گێڕانەوە گەرەکاندا، کە مرۆڤ بەرەو بێماڵی و نائومێدی دەڕوا و جوانی و هۆگری دەشێوێنرێن، بەتایبەتی لە خۆرهەڵاتی ناوین کە مەڵبەندی دەسەڵاتی تۆتالیتاری و زەبروزەنگ و توندوتیژی و بزاڤی توندڕەوی فەندەمێنتالیستییە.

---

# کچە فیلم گێڕەوەکە




■ محەممەد كوردۆ

ناوی کتێب: کچە فیلم گێڕەوەکە.
بابەت: رۆمان.
ناوی نووسەر: هێرنان ریڤێرا لێتێلیێر.
وەرگێڕانی لە سویدییەوە: عەتا محەممەد.

ئەم رۆمانە لە رووکاردا رۆمانی گێڕانەوەی فیلمە، زۆرترین بەشەکانی بۆ باسکردنی فیلمەکان و چۆنێتی گێڕانەوەیان لەلایەن کچێکی منداڵکارەوە بەناوی (ماریا مارگارێتا) تەرخان کراوە کە دواتر نازناوی (سانتا فێ دێلسین) بۆخۆی هەڵدەبژێرێت و بە (کچە فیلمگێڕەرەوەکە) ناوبانگ دەردەکات. بەڵام لە ڕاستیدا رۆمانی گێڕانەوەی نەهامەتییەکانی خێزانێکە کە لە دایک و باوک و چوار برا و خوشکێک پێکهاتوون و لە گوندێکدا دەژین پێی دەگوترێت گوندی کانەکە. سەرەتای نەهامەتییەکانی ئەم خێزانە لە رێکەوتی رووداوێکی کانەوە دەستپێدەکات کە تێیدا (باوک) لە کەمەری بەرەوخوار ئیفلیج دەبێت و (دایک) بەدیاریەوە دانانیشێت و لەگەڵ منداڵەکاندا جێیدەهێڵێت و ئیدی (باوک) باسکردنی (دایک) لە منداڵەکانی قەدەغە دەکات. دواتر ئەندامانی ئەو خێزانە وەک مووروی ملوانکەیەک کە دەپچڕێت، پەرشوبڵاو دەبنەوە. (باوک) دەمرێت. (دایک) خۆی دەکوژێت. براکان یەکێکیان دەمرێت و یەکێکیان دەکەوێتە زیندان و ئەوەکانیش هەر یەکەی دەکەونە شوێنێکی دووری گوندی کانەکەوە. ئەوەی دەمێنێتەوە، تەنیا سانتا فێ دێلسین، واتە (کچە فیلمگێڕەرەوەکە)یە. بۆ من گرنگترین بەشی ئەم رۆمانە ئەو چەند رستە کورت و پەرشوبڵاوە بوون کە لە دوابەشی رۆمانەکەدان و پەیوەندییان بە دایک و کچەکەیەوە هەیە. دایکێک کە من وەک تۆپەڵێک ئازار دەیهێنمە بەرچاوی خۆم، کچەکەشی بۆ من تۆپەڵێکی تری هەمان تۆپەڵە ئازارە. تەنانەت ئازار و نەهامەتی و دڵشکانی ئەو دایک و کچە ئەوەندە لە یەک دەچن، کە دوای دابڕانێکی زۆر، کاتێک دایکەکە لەگەڵ تیپێکی سێرکدا دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکە، کچەکەی ناتوانێت بڕوات بیبینێت. لەوە کارەساتبارتر، کە دایکەکە دەزانێت کچەکەی نەهاتووە بۆ بینینی خۆی و نمایشەکەی، بڕیار دەدات بڕوات بۆ ماڵەوە بۆ لای کچەکەی، بەڵام کچەکە دەرگا لە دایکی ناکاتەوە: ( رۆژێکی زستان ئەو کاتەی دۆستی سەرپەرشتیارەکە بووم، سێرکێک هات بۆ گوندەکە. سێرکێکی سادە بە چادرێکەوە کە بە پینەوپەڕۆ چاککرابووەوە. لەناو یارییەکاندا خانمە سەماکارێک هەبوو. کەسێک هات و باسی ئەوەی بۆ کردم کە خانمە سەماکەرەکە دایکمە، نەمویست بچم بۆ ئەوێ. لەبەر لووتبەرزی یاخود رق نەبوو، بەڵکو لەبەر هاودەردی بوو. من هەستم بە هاودەردی دەکرد لەگەڵ دایکمدا، لەگەڵ خەونە تێکشکاوەکانیدا. (بە دڵنیاییەوە هەروەک ئەوانەی خۆم)، هەروەها لەگەڵ ئەو ژیانە غەمگینەی لەوانەیە لەو سێرکە ناخۆشەدا هەیبووبێت. ئەو دەبێت لەو دەمەدا سی و شەش ساڵ بووبێت. خۆم هەژدە ساڵ بووم، وەک پێچەرەوە لە کۆگاکە کارم دەکرد و دۆستی پیاوێک بووم کە نزیکەی چل ساڵ لە خۆم گەورەتر بوو. پیاوێک کە هەرگیز نامخوازێت. پیاوێک بەپێی قسەی خەڵکی، دۆستی دایکم بووە. من و دایکم وەک دوو خەونی تێکشکێنراو وابووین. بۆیە بڕیارمدا لە ماڵەوە بمێنمەوە و نەچم بۆ ئەوێ و سەیری نەکەم. بەرگەی ئەوەم نەدەگرت- ل 109-108). دەمەوێت بڵێم: ئەگەر ئەو وتەیە راست بێت کە دەڵێت: ( رۆمان هەیە لەپێناوی یەک ڕستەدا نووسراوە)، دەکرێت بڵێین: ئەم رۆمانە کە (44) بەشە، زیاتر لە پێناوی یەک بەشدا نووسراوە. هیچ نەبێت بەلای منەوە، (43) بەشی رۆمانەکە زیاتر بۆ ئەوە نووسراون ئێمە بۆ بەشی (44) ئامادە بکەن. سەیر ئەوەیە لەبەشی (43) دا نووسراوە (کۆتایی)، کەچی دوای ئەوە بەشی (44) دێت کە تەنیا دوو لاپەڕە و سێ رستەیە، بەڵام بۆ من لە هەر (43) بەشەکە راچڵەکێنەرتر بوو. نازانم بۆچی کە بیرم لەو بەشەی رۆمانەکە دەکردەوە، عاشقێکی کوژراوم دەهاتە بەرچاو کە دەستێکی پەڕیوە و لەناو دەستەکەدا توند توند وێنەی کەسێک گوشراوە، بێگومان لە دۆخێکی وادا دەستە پەڕیوەکە و وێنەکەی ناوی، لە تەواوی لاشەی کوژراوەکە زیاتر سەرنج رادەکێشن. بەشی کۆتایی ئەم ڕۆمانەش بۆ من بەو جۆرە بوو. تەنانەت لە بەشەکانی پێشتردا کاتێ دایکی کچە فیلمگێڕەرەوەکە خۆی دەکوژێت، کچەکەی بۆی ناگری، کەچی لە دوا بەشدا کە لە راستیدا دوا بەش نییە و بە مەبەست هەڵگیراوە و کراوە بە دوابەش، نەک هەر بۆی دەگری، بگرە ئەوەندە بۆی دەگری کە ئیتر بۆ مردنیشی گریان پێویست نەبێت. رەنگە بیەوێت بڵێت: لە راستیدا دایکم ئەو رۆژە نەمرد کە خۆی کوشت، ئەو رۆژە مرد کە من کوشتم: ئەو دەمەی لێبۆک، ئەکرۆبات و سیحربازیش کاریان دەکرد، چادرەکەیان داگرت، گوێم لەدەنگی پاژنەی پێیەک بوو لەسەر شۆستەکەی دەرەوە نزیک دەبووەوە، کە دواتر لەبەر دەرگاکەماندا وەستا، هەموو گیانم دەستی بە لەرزین کرد. پاش کەمێک لە دەرگا درا. بۆ ساتێکیش دوودڵ نەبووم کە کێ لە دەرگا دەدات. ئەوە شێوە لەدەرگادانی دایکم بوو. بە لای دەرگاکەدا چەمامەوە و پێم بەجەرگی خۆمدا نا تا ئارەزووی کردنەوەی دەرگاکە نەکەم. لەودیو دەرگاکەوە گوێم لە دەنگی هەناسەکانی دایکم بوو. لەنێوان هەنسکەکانیدا گوتی: (دڵەکەم بیکەرەوە) منیش دەگریام. هەردووکمان لە دوو سەرنشینی کەشتییەکی شکاو دەچووین، کە توند خۆمان بە هەمان تەختەوە هەڵواسیبێت. خانووەکە، جادەکە و گوندەکەش لە ناکاو ون بوون. تەنها شتێک هەبوو، ئەوە بوو لەویادا هەریەکەمان لە دیوێکی دەرگاکەدا وەستابووین. ئەو و من هەریەکە لەلایەکی جیهاندا بووین. دوای کەمێک کۆڵی دا لەوەی بانگم بکات و منیش گوێم لێبوو چۆن دەنگی پاژنەی پێی دوور مرد. لە هەمان کاتدا وەک ئەوەی بەشێک لە من بیەوێت بە دوایدا رابکات، دەستم توند دەسکی دەرگاکەی گرتبوو. دوای ئەوە سێ رۆژی تەواو بێ ژێربوونەوە گریام. کاتێکیش دوای ئەوە کە بیستم مردووە، یەک فرمێسکم بۆ نەڕشت. چونکە وەک ئەوە وابوو من پێشتر ئەو فیلمەم بینیبێت.

# شەقامەکانی سەرم



شووکا حوسێنی- تاران
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: شادی نیکخا

پیاسە دەکەن شەقامگەلێکی زۆر لە سەرمدا
لەگەڵ کورسیگەلێکی خۆڵەمێشی
لەگەڵ سنەوبەرگەلێکی هاوشێوەی دڵم کە لە کوێیە؟
لەگەڵ باوکێکی بچووک لە یادەوەریمدا
لەگەڵ بووکیلەیەکی خەمگین لەژێر کراسەکەمدا
هاوڕێ لەگەڵ بایەکی خەمبار
پیاسە دەکەن شەقامگەلێکی زۆر لە سەرمدا
ڕێبوارگەلێک دەست رادەوەشێنن
بە کراسگەلێکی سپی لە سستیی ئەو شتەی لە دوورەوە دەبریسکێتەوە
نا، نابریسکێتەوە
لەگەڵ ئەو پەردە پۆشەی جارجار کەوتووەتە سەر بەردەنووسە قوڕاوییەکانی ژێر
هەنگاوی ڕێبوارەکانی دێڕی سەرەوە
لەگەڵ ڕیزی هاوتەریبی ئۆتۆمبێلەکان، ئۆتۆمبێلەکان، ئۆتۆمبێلەکان
ئەو کاتەی کە هێڵی تێپەڕینی ڕێبواران ڕەچاو ناکەم و
لەبیرم دەچێ ئەم هێڵانە تەنیا بۆ باشتر مردنن

***

پیاسە دەکەن شەقامگەلێکی زۆر لە سەرمدا
دەست لەناو دەستی شەقامگەلێکی زۆری دی
شارەکانی خەونم کە تەرمەکانی تۆم هەموو رۆژێک لەنێو کەلاوەکانی دەردەهێنا
من مەعشووقی تەرمگەلێکی زۆر بووم لەم کەلاوانەدا
تەرمگەلێکی زۆر عاشقم بوون لە شارگەلێکی زۆردا
کە دەست لەنێودەستی شەقامگەلێکی زۆری دی لە سەرمدا پیاسەیان دەکرد
تۆ هەموو رۆژێک دەکرایتە ئامانج لە سووچی یەکێک لە دیوارەکانی ئەم شارانەدا
من هەموو رۆژیک شەهید[دەکرام]
ڕێک شانبەشانی تۆ
جیاوازیی نەبوو لە سووچی دیوارێک لە هەرات
یان غەززە
لە خوڕڕەمشار
یان لاهوور
یان لە باڵای پەریئاسای کچێکی کۆبانێدا
یان لە زاکیرەی سەیری کوڕێکی شەیتانیخەو لە بەغدا
من گەلێک جار شەهید بووم
بمژمێری دەبینی
من تەنانەت لە تۆش جارێک زیاتر شەهید بووم
جارێکیان تۆ لەبەر دیوارێکدا لە بەیرووت خەوت لێکەوت
بەڵام من، شەهید بووبووم

***

ئەی شەوانەکانی شەقامەکانی سەرم
ئەی بەربەستی کەسەر لە گەرووی ڕۆژهەڵاتیدا
ئەی ڕۆڕۆکان بۆ کوڕانی سینگم بە گەرووی دایکانێکی زۆر
دەست پێبکەن
دەست پێبکەن

بەڵام خەوی لە چاوی ناڵەکان حەرام بووە
بە فانۆسێکەوە لە دەستی چەپ و کەزییەک لە دەستی ڕاستدا
مەعشووقی من سینە بە سینە وەستاوە لە ڕێگایەک لەنێوان بـ کاندا
هەڵدەکەن؟
لە نێوان چراکاندا
دەکوژێنەوە؟
لەنێوان بارانەکاندا
کەسک دەبارێن؟
مەعشووقی من بووەتە سوزانییەکی کەوتوو لە هەرلا
بۆ بزەیەکی کورت لەسەر کەناری دەریای هێمن
ئەی شەوانەکانی شەقامەکانی سەرم
ڕابکشێن لەسەر مەزاری ئیستعارەکاندا
سەدەی چەندەمی کۆچیی مەعشووقەکەی من دێشێ



دەماری ڕەشی جەستە لاوازەکەی دێشێ
شیوەنی درێژی نیگاهەکەی
مانی زۆری گرتووە بە قاچگەلی هەڵتۆقیوەوە
مەعشووقی من لە شەقامەکانی سەرمدا
چی هەینییە هاوپەیمانییەک پێکدێنێ لەگەڵ خۆی، بۆ مردنێکی بەکۆمەڵی کورت لە مندا
نیوەیەکی من لەودا دەچێنرێت، نیوەکەی ترم پەژموردە [دەبێت]
لە شەممە نابەردەوامەکاندا، بەڵام
دانی بە کەوتنگەلێکی بەردەوامدا ناوە و
لە یەکشەممە خوێناوییەکانی قەندەهاری لێوەکانیدا
ناڕەزایی خۆی لە شەقامەکانی سەرم دابەزاندووە
مەعشووقی من کچێکی ١٢ ساڵەیە لە کچێنیی پەژارەی گۆرانییەکی قەرەچیاسادا
مەعشووقی من کوڕە ئاغایەکە، دوودڵ لە دووڕییانی پاشایەتی یان ئەشکەوتەکانی نیگارەیەکی سەدەکانی سەرەتا
مەعشووقی من جنێوێکی زۆرە لە ناوەکەیدا
لە ناسنامە کۆنەکەی جوگرافیاکەیدا

***

شەقامگەلێکی زۆر لە سەرمدا پیاسە دەکەن
دەستم دەبەمە نێو خۆویستییەکانم
تۆ لە تەنیشت خۆمەوە دادەنیشێنم
وەک ئەوەی مەعشووقی ساڵ و مانگی منی و لە مەعشووقی ساڵ و مانگی هەموو ئەوانی دی
درەوشاوەتر ئەتدرەوشێنمەوە بە خۆمدا
وەک ئەوەی دەمارەکانت، دەمارگەلێکی سوورە بۆ لیوەکانی من
لە هاوینی ئاقێق و تێرمەی تامەزرۆییم
وەک ئەوەی یادگارییەکانی من لەگەڵ تۆ
تاقانە بوون تەنیا
هێی مەعشووقی ساڵ و مانگی من
هەڵتدەگرم لە هەموو جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی ناڤین
لەژێر پەچەکانی ژنێکی ئەفغان
تا دشداشەی عەرەبێک لە نزیکی خۆم و
داڵدەت دەدەم بە ئامێزم
بە خەیاڵی نەزۆکی بێسنووری جەستەم
ئای مەعشووقی ساڵ و مانگی من
تۆ لە کۆتاییەکی کورت و چڕدا
دوور دەخەمەوە بۆ سووچێکی غەریب لە زەینمدا
ئەم پاراستنە بۆ من زۆرەملێیە کاتێک دەستم بە تۆ ناگات و
تۆ بە زمانگەلێکی زۆر بە زاراوەگەکێکی نامۆ شەهید دەبی
ئەی مەعشووقی ساڵ و مانگی من
من بە شێوەگەلێکی زۆر بوومە خۆڵەمێش
تۆ لەبیرت نەماوە
هەندێجار گەرووم چەقۆی بەرکەوت

لە شیوەنگەلی بێپەڕ بە زمانگەلێکی بێژومار
لە برینگەلی ئاوساو لەسەر ئێسکی بێسنووری
دەست پێبکەن
ڕێگا ببڕن
ڕێگا ببڕن
مەعشووقی من لە هەموو زمانەکاندا گیری کردووە
لە گەرووی هەموو زاراوەکاندا بووەتە کۆچبەر
مەعشووقی من
ئەی شەقامەکانی سەرم
لە نێوان لاپەڕەگەلێکی بێژوماردا دووگیان کراوە
لە سیماگەلێکی زۆردا باوێشکی داوە

هەندێجار لە خۆکوژییەکی بەکۆمەڵدا بەسەر تۆدا پەراش پەراش بووم
هەندێجار بە پرچەکان و
هەندێ جار بە هەنارەکانی سینگم ئاگرم تێبەردرا
تۆ لەبیرت نەماوە

***

ئەی مەعشووقی شەوانەکانی شەقامەکانی سەرم
من گۆڕگەلێکی بەکۆمەڵی زۆر بووم بۆ تۆ
هەی مەعشووقی ساڵ و مانگی من
من
گۆڕگەلێکی بەکۆمەڵی زۆر بووم بۆ تۆ .